## پیاو لۆ خوای بڕێ

شوان غەمبار

سۆران کوردپوور



### حەمە کەلاری

حەمە کەلاری وەزعی زۆر خراپ بوو.. برادەرومرادەر یارمەتیان دەدا- بە سەفتە پارەیان دەدایێ- پێویستی ناو ماڵیان لۆ دابین دەکرد، وای لێهات پارووی کەتبووە ناو ڕوونی.. هەموو چشتەکی بە زیادەوە هەبوو شوکر ببووە خاوەن خانووی خۆیشی..

ڕۆژەکیان برادەرەکەی پێی گوت چت دەوێ کاکە حەمە ئەوە نەجاتت بوو وا بزانم نیوەڕۆیانیش قەل و قوبلێشت خواردیە!!

حەمە بەدەم ددان پاککردنەوە گوتی: ماڵتان ئاوابێ- خوا لە برایەتیتان کەم نەکا، شوکر نیم نییە تەنها شتەک نەبی.. برادەرەکەم گۆتی: بڕێ لەخزمەتت دام.. حەمە گۆتی: بەخۆت دەزانی داکی منداران وەک دەڵێن تلّپی تەڕی تیا نەماوە.. ئەگەر عیلاجی قەیرە کچێکم بۆ بکەن خراپ نییە!!!



# سۆران کوردپوور

**له (ئەڵمانیا)وه تایبەت بۆ گەپ دەینێرێ**






پاشماوەی خەبەر عاجیل

هەر بۆ فزولی و بەدواداچونی ئەو خەبەره عاجیلەی لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکەمان تامەزرۆی ئەوه بوین بزانین فەرق چییه لەنێوان خۆپیشاندانی گەلی یەمەن و گەلی تونس و میسردا؟ بۆیه چەند کەسێک کۆبوینەوەو هەریەک بە دزداشەو مێزەرو خەنجەری دەنوک خوارو خێڵەوە چوینە ناو ئاپۆڕای جەماوەری یەمەن و لە نزیکەوه بۆمان دەرکەوت، فەرقەکە لەوەدایە تونسییەکان و میسرییەکان بە ڕەئیسەکانیان دەوت (ارحل) واته برۆ، وەلێ بەعەکسەوه لە یەمەن چڵکاو خۆرەکانی سەر ساجی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح بە جەماوەرە ڕاپەریوەکەیان دەگووت: ئێمه نارۆین ئێوه برۆن!!

سۆران کوردپوور




## نوکتەی سەفەری

* کابرایەک چوو بۆ ڕاوی ماسی، ماسیەکی گرت، دەریهێنا لە ئاو، سەیری کرد ماسیەکە زیندووە دەجولێت، بۆیە سەری ماسیەکەی گرت و دەیخستە ناو ئاوو دەری دەهێنا، ووتی: تاوەکو نەیخنکێنم وازی لێ ناهێنم!

## خۆت مەشغوڵ بکە.. بەڵام دوای دەوام

گا: ئوستاز ڕفعەت




**دووربێ لە ڕووتان بە پانی**

١- وتار لە بێژنگ دەدات ــپ-.

٢- ئەو کەلیمەیەی مەلاکانی مەغشووڵ کرد.

٣- لە حەژمەتا بە (نوری) ناو دەڵێن ــپ-.

٤- کچە مەکبازەکان مەراقیانە .

٥- لە گەڵ زورناو شمشاڵدا باوک بران ــپ-.

٦- لە مانگای دەکەین - خۆمیش ــپ- .

٧- تۆ لە لای ئینگلیز .

٨- کوتوموت یەکن.

٩- عەکسی کۆن + (کەر) لە ئینگلستان.

**بیلامانێ بە درێژی**

١- گەرچی تاڵء بێتامە، ئاویشی مەخۆ حەرامەــپ- بێ سۆراغ ــپ- .

٢- لە (جادە)دا خۆتی بۆ مەشغووڵ کە.

٣- بیلزەبت ئافرەتە- خۆشەویستی لە لای برایانی عەرەب ــپ-.

٤- هەر هەموو دانیشتوانەکەی هاتنە شارەوە ــپ- .

٥- (بەبە) بە نیوەچڵی .

٦- (ر + بیلامەعنا سەیارە بۆ سەیارەی لێئەدا).

٧- (خوای من)لای عەرەب.

٨- (درێژ) ئەوجا عەکسەکەی دوو لە ڕووتان – چێشتێکی زستانەیە، شل شل و دانە دانەیە.

٩- (ن + عەیب نەبێ باوەشی پێیاکرد) .




حلی ژمارەی پێشوو

بۆ ( ئازاد دەرویش ساڵح) دەرچوو



# ئەنفلوەنزای هەڵفڕاندن

کەژاڵ ئیسماعیل

**لە (هۆڵەندا) وە تایبەت بۆ گەپ دەینووسێ**

دوعا 33

دوای هەڵفڕینی زینولعابدین، چەند ڕۆژێک سەرم لە قیرسیچمەیی ئەو موبارەکە ناموبارەکە ئاوسابوو، ماڵوێرانە ئەڵێی بەو کورسییەوە لکابوو! سی ساڵێکە بیلامانێ لەسەر پشتەملی میللەتی ڕەشوو ڕووت ئەلەوەڕی! لە ئەخیر دەقەی تێقوچانەکەیشیدا ئەڵێن ٣٠ ملیار دۆلاری حەمنووش کردووە، کەچی کوڕەکەم هاتوو مەسەلەکەی سەدو هەشتا پلە گۆڕی، جەنابی مریشک ناخوات و پێی وایە حەیوان چۆن بە زیندێتی ئەکوڵێنرێت! ئەوا دەم بەهاواریش کەوتە مەسەلەکەوە..

بۆڵەبۆڵ: کچێ باوەڕ بکەبۆ لە مۆندیالیش ئەمەندەم نەقیڕاندووە ! تا شوکور هەڵیانفڕاندن ! تۆ ڕەخنەلەمن ئەگری، کەچی خۆت (ناموبارەک و مریشک)ت تێکەڵ کرد ؟

ورتەورت: تێکەڵم نەکردوون، هەردوکیان ئەچنەوە سەر مەسەلەی ئەنفلوەنزاکە، بەڵام ئەمیان باڵندەو ئەویان بەشەر، کوڕەکەشم هەر لەو مەسەلەیەوە مریشکی لەبەرچاوکەوتوە.

بۆڵەبۆڵ: لەمەیانا ناهەقی ناگرم با نەیخوات، ئەنفلوەنزا تەشەنەی سەندووە، ئێ ئەوە نییە ڕەیسەکانی عەرەب تووشی ئەنفلوەنزای کورسی بوون و بەئامان و زامان جێی ناهێڵن،

ورتەورت: بۆیە بەشەر جار جارە دەست بداتە کتێبێ یان گوێ بۆ هەواڵ و زانیارییەک هەڵخا، جا ئەو مەسەلەی مریشکە شتێکی بیرهێنامەوە . جاران کەسێک کە بەمیوانی ئەهات بۆ ماڵمان، هەر لەدەرگاوە ئەیووت: بچن مریشکم بۆ بکرن! نازانم ئێستاش هەروا ئاشقی مریشکە ؟؟

بۆڵەبۆڵ: نا . نا . باوەڕناکەم وامابێت، خۆ بەناشکوری نایڵێم هەر مریشک ماڵی فەقیر بوو، ئێستا ئەویش سیعری لەگەڵ نەوت و دۆلارا لە سەرکەوتن و دابەزینایەو هەرکەس بەهەوای خۆی ئەیفرۆشێت، خۆ پیاو ناوێرێت خوو بداتە شتێک، خێرا تەقەی لێهەڵئەسێنن! ئەوە نییە پاش هەڵڕفاندنی ئەو جووتە، ئەنفلۆنزاکە یەمەن و لیبیاو ئێران و جەزائیر و بەحرێنیشی گرتۆتەوە!

ورتەورت: باشە بۆ ئەڵێی پیاو ناوێرێ . ئەی ژن ؟ ئەمەشیان ئەنفلۆنزای پیاوسالاریە، قوڕبەسەر مریشکی بەستەزمان، بەس نەبوو زمانی نەبوو، ئەگینا هەرزوو باڵی ئەگرت و لە نیعمەتی خۆی بێبەشی ئەکردن .

بۆڵەبۆڵ: جابۆ فێریان ناکەی ئەوانیش بچنە بازاڕی قەلو قازەکەو خۆپیشاندنێ سازبکەن ؟

ورتەورت: دەی بەڵکو ئەنفلوەنزای قیڕەقیڕ ئەوانیش بگرێتەوە!! ئەرێ بەڕاست ئەڵێن وەزارەتی پەروەردە بەرنامەی تاقیکردنەوەکانی ناگۆڕێت، و چووەتە کەشکەلانی فەلەک، باشە ئیستیفادەی ئەو ئیمتیحان و پرسیارە قورسانەچییە ؟ بیستم تەلەبەیەک ووتبوی جا سەعی بۆ بکەم؟ پرسیارەکانم بۆ ئەهێنن و وەلامەکانیشم پێئەڵێنەوە!

بۆڵەبۆڵ: ئەمەنەت فەخر کرد بەسەر منا، وا خۆت بووی بە مجێورو دۆو دۆشاوت تێکەڵ کرد .

ورتەورت: کوڕە دۆ و دۆشاوم بیرمەخەرەوە، جارێ لە ئەنفلوەنزای دوعا بکە و با بڵێین ئامیین ...

بۆڵەبۆڵ ( یا ڕەبی خوایە بۆخاتری تەسبیحاتی مەلەکۆتت . وەک یاری دۆمینە یەک لەدوای یەک هەرچی ڕەیس و مەییسی دیکتاتۆر عەرەب هەیە هەڵیانپێچی لە پەتای ئەم ئەنفلۆنزایە).



# میسرو دەبابەی ماڵیی هەڵوێستی ئیسفەنجی



کەریم مودەریس
تایبەت بۆ گەپی دەنووسێ

دەتۆ وەرە دەبابە لەنێو خەڵكا ببینە، خۆیان بە بۆری ملییەوە هەڵواسیبێ، یان وەک ئۆتۆبیس نەفەریان لێ بار کردبێ! بزانە مەنزەرێکی چەند عەنتیکەیە ئیتیفاقی نێوان مشک و پشیلەیی کە هەردووکیان خەو بە راکردنەوە ئەبینن، یەکێکیان بۆ خواردن و ئەویتریان بۆ نەخوران. دەوری هەریەک لە فاعیل و مەفعولبیهی سەیرە لە گۆڕەپانی ئەم ژینە هینە! کە فیعلەن ئەڵێی بۆ تەجرەبەی خواردن و مقاوەمەی نەخوران هاتۆتە دامەزراندن.

شتی هێند عەنتیکە رووئەدا، مەگەر بۆ تەمسیل و نوکتەبازی بگێڕدرێتەوە، مەسەلەن تۆ دیقەت لە وڵاتی گدعانەکان بدە، بینیمان وەها دەبابە ماڵیی کرابوو، ئەتگوت کۆتری باڵ نەخشینی باڵکراوەیەو بەناو جەمعی موزاهەرەچییەکاندا ئەسووڕێتەوە، نە ئەم لەگوڵێ کاڵتر لەکەس ئەگرێ، نە خەڵکیش تۆمەتی بەکرێگیراویی دەخستە پاڵیان !

خۆ رەنگە هۆکارگەلی هەرە زلی ئەم عاقڵی نواندنە چاوی زەقی کامێراکان بووبێ، ڕاستییەکانیان سەرەونوگم نەکرد، بەڕاستی حەق وایە ناو لە سەورەی ئەم زەمانەیە بنرێ: سەورەی چاوی کامێراکان! هەر خۆی زمانحاڵی راستودرووستییەکانە، بێئەوەی سبەی ئەگەر سەری گرت، دەیان زیندوو بە شەهید بنووسرێن و دەیان شەهیدیش وەکو هینی بن گۆم دیارنەمێنن.

دوو دانە خاڵ لەم سەورە سپییە سەرنجی راکێشام، یەکێکیان ئەوەیە : بینیم لەسەر کەللەی دەبابەیەک نووسرابوو:( یسقط مبارک) ! تا ئەم لەحەزەیە نەمتوانیوە لەبەر عەنتیکەیی ئەوەی کار بگاتە دەستەمۆکردنی دەبابە و سایەقەکەی خۆی لە گێلی بدا، تەعلیقی لێ بدەم، مسۆگەرم ئێوەش ناتوانن ئیعرابی ئەم جوملەیە بکەن! میللەتێ گۆی زەوی نەما ئاگری فەلافل و قرچەی رۆنی مەعکەرۆنی لێ هەڵنەسێنێ و لە ناچاریا بۆ پارووی نان وڵاتان تەی ئەکەن. دەوەللاهی مەگەر ئەوەیان عەنتیکەتربووێ کە هاولاتییەک کلۆڵ بەبێ ئومێدییەوە مقەبایەکی بەرزکردبوو و بیلزەبت لەسەری نووسیبوو( الشعب یرید رحیل النظام).

نوقطەی دووەم کە سەرنجی راکێشام ئەوەبوو : کامێرامان بەرانبەر بۆکسی دەسەڵات وێنەی فەنی دوو گۆڵی نێوان موعارەزەو موئەییدی دەگواستەوە، بێئەوەی مێشێ میوانی بێ و هەموو کەناڵەکانیان تەنها رۆشنبیرو خەڵکی عەوام و دڵسۆزەکانیان هێنابوو بۆ هێورکردنەوەی وەزعەکە!

دیمەنێکی تریش واقی ورماندم: وەک زەواجی جەماعی گۆرانی جەماعیش لە ساحەی تەحریردا دەگوترایەوە، لەباتی بەردباران و تەقەکردن هەرکەسەو هەڵپەی گۆرانییەکی دەدا بیڵێتەوەو هەڵوێستی خۆی لە ئیسفەنج نەرمتر نمایش بکات!

دواکاتێر




دواکاتێر